# دەروونناسیی کلینیکاڵ چییە؟

موختار کەریمی
(سەقز)

دەروونناسی وەک زانستێکی نوێ لە جیهان و زۆر نوێتر و نەناسراو لە نێو کورددا، کاریگەرییەکی زۆر و ئاسۆیەکی ڕوونی هەیە، بەڵام بە داخەوە سەرەڕای پێویستییەکی زۆر بۆ ئەم زانستە و کاریگەرییەکانی لە نێو نەتەوەی کورددا تا ئێستا وەک زانستێکی باو و بڕواپێکراو نەناسراوە و بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەکارنەهێنراوە، هەر ئەو جۆرەی کە دەزانین سەردان بۆ بنکەکانی ڕاوێژکاری و دەروونچارەسەری لای زۆربەی جەماوەر کەمە و بۆ زۆر کەسیش نامۆ و بێکەڵک دێتە ئەژمار، هەرچەند پسپۆڕانی ئەم بوارە لە سەر ئەو باوەڕن ئێمەی کورد بە پێی مێژوو، تەنانەت بارودۆخی ئێستایشمان، پێویستییەکی زۆرمان بەم زانستە و تواناییەکانی هەیە، بە درێژایی مێژوو کارەسات و ڕووداوگەلێکی زۆر دڵتەزێن و خەساردەر بۆ ئێمەی کورد ڕووی داوە و لە باری دەروونییەوە خەسارێکی گەورە بە دەروونمان گەیشتووە و کاریگەرییەکانی ئەم خەسارانە چەندان ساڵە لە دەروون و مێشکی منداڵ و ئافرەت و پیاوی کورددا ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە.

دەروونناسی، زانستێکە کە دەرئەنجامی کردەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و دەکرێت بەم زانستە بەشێکی زۆر لە کێشە دەروونییەکانی تاک و جەماوەر چارەسەر بکرێت، بەڵام بە داخەوە ڕوانگەی جەماوەر بەرانبەر بە دەروونناس و دەروونناسی، ڕوانگەیەکی ڕاستەقینە نییە، مەگەر

ئەوەی چووبێت بۆ لای دەروونناسێکی لێهاتوو و ڕوانگەکەی گۆڕدرابێت، زۆربەی جەماوەر وا بیردەکەنەوە کە دەروونناس ئامۆژگاری دەکات و تاکە ڕێگەی چارەسەرییەکەی لێدوانێکی ئاساییە و بە چارەسەرییەکی کاریگەر و پێویستی نازانن، بەڵام لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا، دەروونناسی و دەروونناس وەک پێویستییەکی گرنگ و کاریگەر چاوی لێ دەکرێت و بەڕاستیش کاریگەری هەیە؛ لەبەر ئەوەی خوێندنی دەروونناسان لە ئاستی سەرەوە و لێهاتووانەیە و لە باری کردەکییەوە ڕاهێنانی زۆریان پێ دەکرێت کە بە داخەوە لای ئێمە ئەم ڕاهاتنانە کەمە و دەروونناسەکان بە هۆی کەم داهات بوونی ئەم پسپۆڕایەتییە، کەمتر هۆگرین و خوێندنەوە و کاری بۆ دەکەن، بۆیە لێهاتووییەکی کەم هەیە و بەهەمان شێوە کاریگەرییەکانیشیان کەم دەبێتەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە زانستی دەروونناسی وەک زانستێکی بەهێز لە نێو کورددا بناسرێت و پەرە بستێنێت، ئەم وتارە بە مەبەستی پیشاندانی ڕوانگەیەک لە زانستی دەروونناسی، بەتایبەت دەروونناسی کلینیکاڵ و کاریگەرییەکانی بە شێوەیەکی کورت نووسراوە.

دەروونناسی، زانستی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کردەوە و ڕەوتانە هزرییەکانە و چەندان لقی لێ دەبێتەوە کە هەرکامیان لە کۆمەڵێک بابەتی تایبەتی دەکۆڵنەوە؛ لقە سەرەکییەکانی دەروونناسی بریتین لە دەروونناسی زانینی (١)، دەروونناسی پەرەسەندنی (٢)، دەروونناسی گەشەکردنی (٣)، دەروونناسی یاسایی (٤)، دەروونناسی تەندرووستی (٥)، دەروونناسی تۆڕۆنی (٦)، دەروونناسی ئیشوکار (٧) دەروونناسی کۆمەڵایەتی (٨) و دەروونناسی کلینیکاڵ (٩)؛ کە دەروونناسی کلینیکاڵ بە یەکێک لە لقە ناسراو و گرنگەکانی دەروونناسی دێتە ئەژمار و بە شێوەیەک هەموو ڕوانگە و لقەکانی دیکە لەخۆدەگرێت و بەکاریان دێنێت، هەروەها زانستێکی پسپۆڕانەیە بۆ لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندنی دۆخی دەروونی، دەستنیشانکردن و چارەسەری شێواوییەدەروونییەکان. ئەم لقە هاوشێوەی دەروونپزیشکییە، بەڵام دەروونپزیشک سەرەتا خوێندنی پزیشکی گشتی تەواو کردووە و دواتر بۆ پسپۆڕایەتی، دەروونپزیشکی خوێندووە و لە دەرمانی کیمیایی، خەواندن لە نەخۆشخانە و برێک جار کەڵک وەرگرتن لە ئامێرە ئەلکترۆنیکیەکان وەک چارەسەری بە شۆک (١٠) و چارەسەری بە مەگنەتیسم (١١) و...تاد، کەڵک وەدەگرێت؛ کاتێک کە بۆ نەخۆشی دادەنێت لە هەر چاوپێکەوتنێکدا پێنج بۆ دە خولەک زیاتر نییە، بەڵام دەروونناسی کلینیکاڵ هەر هەمان ئەو شێواوییانە چارەسەر دەکات و ئەگەر هێور بێت لە ڕاوێژکاری، گۆڕانی شێوەی ژیان، گۆڕانی ڕوانین لە جیهان و شێوەی بیرکردنەوە کەڵک وەردەگرێت؛ ئەگەر قووڵیش بێت لە شێوەکانی دەروونچارەسەری؛ وەک چارەسەری کردەوەیی (١٢)، چارەسەری زانینییانە، چارەسەری دەرونشیکارییانە (١٣)، چارەسەری بەهیپنۆتیزم (١٥)، چارەسەری تۆڕۆنی بە ئامێری ئەلیکترۆنیکی (١٦) وەک نۆڕۆفیدبەک (١٧) و بزواندنی ئەلیکتریکی مێشک (١٨) و... تاد؛ کەڵک وەردەگرێت. شایانی وتنە کاتێک کە بۆ هەر کەسێک لە هەر چاوپێکەوتنێکدا تەرخان دەکرێت، نیو کاژێر بۆ چل و پێنج خولەکە؛ دەروونپزیشکەکان و دەروونناسانی کلینیکاڵ لە ڕێنماییەکی فەرمی جیهانی بۆ دەستنیشانکردنی شێواوییەکان کەڵک وەردەگرن. ناوی ئەم ڕێنماییە، ڕێنمایی ئەژماری و دەستنیشانکردنی شێواوییەدەروونییەکان (١٩)، یان (DSM)ـە، کە پێکهاتەیەکی پۆلێنبەندی فەرمی جیهانییە و لە لایەن لیژنەی تەندروستی دەروونی ئەمەریکاوە ئامادەکراوە و هەر ماوەیەک جارێک تازەدەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەمین ڤێرژێنی بڵاوکراوەتەوە

و تا ئێستا پێنج جار تازەکراوەتەوە و نوێترین ئیدیتی لە ساڵی (٢٠١٣) بە ناوی DSM-٥ بڵاوبووەتەوە و دەروونپزیشکان و دەروونناسان و پسپۆڕانی دیکەی بواری تەندروستی دەروونی؛ وەک ڕێنماییەکی یەکلاییکەرەوە بۆ دەستنیشانی شێواوییە دەروونییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. DSM بریتییە لە پێوەرەکانی دەستنیشانکردن بۆ ٢٢پۆلێنی سەرەکی لە شێواوییەدەروونییەکان کە زێدەتر لە ١٥٠ شێواوی جیاواز لە خۆ دەگرێت.

شایانی ئاماژەیە لە زانستی دەروونناسیدا بە پێچەوانەی زانستی پزیشکی و زۆرجاریش دەروونپزیشکی؛ لە وشەی نەخۆشین (٢٠) کەڵک وەرناگیردرێت و وشەی شێواوی (٢١) بەکاردەهێنرێت و بە کێشەکانی پێوەندیدار بە تەندروستی دەروونی دەڵێن شێواوی نەک نەخۆشین، بۆ شێواوی دەروونی (٢٢) کۆمەڵێک پێناسە کراوە، کەچی هیچکام لە پێناسەکان ڕای هەموو پسپۆڕانی بواری تەندروستی دەروونی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە، بەڵام DSM هەوڵی داوە ئەم ناکۆکییانە یەکلایی بکاتەوە و پێناسەیەکی گشتگیری بێنێتە ئارا: شێواوی دەروونی، باش نەبوونێکی ئاوێتە لەگەڵ ڕوویەکی دەروونناسی و کردەکی، لەگەڵ نەباشییەکی بەرچاو، یان شێواوییەک لە بەستێنی بۆ ماوەیی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، ژێنێتیکی، لەشی، یان کیمیایی؛ کە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەم شێواوییانە ڕادەی لادان لە بەشێک لە نۆرمە ئاساییە دیاریکراوەکانە کە هەرکام لەم شێواوییانە کۆمەڵێک کۆهێما و کۆنیشانەی بەرچاویان هەیە.

لە کۆتاییدا شایانی ئاماژەیە، لە نێو نووسەران و خوێنەرانی دەروونناس و نادەروونناسدا، دوو وشەی گشتی باوە کە ئێستاکە لە نێو وێژەی دەروونناسی پسپۆڕانەدا بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت یەکێک لەوانە دەروون شێواو (٢٣)، یان سایکۆتیکە، واتە نەبوونی ڕاستیی پێوی (٢٤) لەگەڵ بوونی وەهم و وڕێنە، وەکوو شێواوی شیزۆفرێنیا (وشەکەی دیکە دەروون ئاڵۆز (٢٥)، یان نۆرۆتیکە کە لەم شێواوییەدا ڕاستی پێوی لە ناو نەچووە و بنەمای سەرەکی شێواوییەکە، ناکۆکییە دەروونییەکان، یان ڕووداوەکانی ژیانە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی هەزارە (٢٦)، وەسواسی فیکری، تۆقین (٢٧)، کردەی وەسواسی و... تاد.

**سەرچاوەکان:**


1- Cognitive psychology.
2- Developmental psychology.
3- Evolutionary psychology.
4- Forensic psychology.
5- Health psychology.
6- Neuropsychology.
7- Occupational psychology.
8- Social psychology.
9- Clinical psychology.
10- Electroconvulsive therapy.
11- Transcranial magnetic stimulation.
12- Behavior therapy.
13- Cognitive therapy.
14- Psychoanalysis.
15- Hypnotherapy.
16- Neurotherapy.
17- neurofeedback.
18- Transcranial electrical stimulation.
19- Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorder.
20- Illness.
21- Disorder.
22- Mental disorder.
23- Psychotic.
24- Reality Testing.
25- Neurotic.
26- Anxiety.
27- Phobia.



*** ماستەری دەروونناسی کلینیکاڵ، چارەسەرکەری دەروونی.**